- زۆرن ئەو کۆنە عاشقانەی کە بە پێوە وەستاون و دێن و دەچن و زیندەگی وەڕێ دەخەن، بەڵام لە دوای خۆیانەوە کەلاکی عیشقەکانیان بە دوای خۆیانەوە رادەکێشن
- نەهامەتییەکە لەوەدایە مێشکی پیاوەکان بە درێژایی مێژوو بۆ جەنگ و یەکدی قڕکردن چالاکتر بووە، سەدەی بیست کە سەدەی ئاوەز و عەقڵزەدەیی بوو، کەچی خوێناویترین سەدەی پڕ لە چەکی کۆمەڵکوژی بوو

ئەمڕۆکە ژمارەی عاشقانی ئەودیو تەلەکان بە هەزارەهایە، بەڵام لە باری واقیعییەوە ژمارەی عاشقانی راستەقینە زۆر دەگمەنە

**ئەزموونی نەرێنی**

لەمڕۆکەدا جۆرێک لە خۆهەڵخەڵەتاندن هەیە بەوەی کە تێکنۆلۆژیای نوێ وای کردووە چەشنێک لە پەیوەندیی ئاسان پەیدا بیێت لە رێگەی ئینتەرنێت و کۆمیوکاسیۆنێکی بێگیان و میکانیکی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو فێڵەمان لێدەکەن کە ژمارەی هاوڕێکانمان هەموو پێوانەیەکی شکاندووە، پێشبڕکێیەک لە ئارادا هەیە کە کێ ژمارەی دۆستانی دەگاتە پێنج هەزار و دە هەزار و زیاتریش، ئەوەشیان تەوسئامێزە کە لەسەر ئاستی واقیعی هیچ پردی پەیوەندییەکی مرۆڤانە و گیانی بەگیانی لەنێوان ئێمەدا نەبێت، کەچی دڵ بەوە خۆش بکەین لەودیو تەلەکانەوە پەیوەندیی گەرمی هەواییمان لە تەک خەڵکێکی زۆردا هەیە، ئەوەیان ئەزموونکردنی پڕکردنەوەی شەبەق و درزی نێوان ئێمە و ئەوانی دیکەیە، ساختەکاری و خۆدزینەوەیە لە نەبوونی پەیوەندییەکی راستەقینە و تۆکمە و دامەزراو، پینە و پەڕۆکردنە، پڕکردنەوەی بۆشاییە بە بۆشایی، بەڵام گەوهەری پەیوەندیی مرۆڤپەروەرانە گەمەی تێئاخنینی شتێک نییە لەناو هیچدا، شاردنەوەی هیچی بە هیچ، بەڵکوو داهێنانی رۆح و دۆخێکە لە باری کۆمەڵایەتییەوە کە پێشتر نەمانبووە، وەک دۆزینەوەی لەناکاوی خۆشەویستی و عیشقێک کە پێشتر چاوەڕوانی نەبووین، بە جۆرێک کە بمانخاتە ناو زەمەنێکی تازەوە کە لەو زەمەنە مردووەی پێشووتر نەچێت.

هیچ لەوە قورستر نییە مرۆڤ ڕووبەڕوو بێ دەمامک، لێرە و هەنووکە، بتوانێت خۆی بێت، بۆیە خەڵکی ئێمە ئاسوودەترە لەودیو هێڵی تێلیفۆن و ئینتەرنێت و جۆرەها تەلی دیکەوە ئەوانی دیکە بدوێنێت، چونکە دووری ئەو ترسە دەکوژێت لەوەی کەسی بەرامبەر چۆن کاردانەوەیەکی دەبێت، لە پشت تەلەکانەوە چ دەمامکدار بیت و چ بێ دەمامک، مامەڵە و بەرخوردی ئەوانی دیکە چەندە خۆش و ناخۆش بێت، وەها کوشندە و جەرگبڕ نییە، بەین و مەوداکەی نێوان کەسەکان لەو شەرم و دڵەڕاوکێیە کەم دەکاتەوە، ئاسانتریشە حاشا لە جوانیی ناشیرینییەکانی خۆمان بکەین. رۆماننووسی یابانی ' کینزۆ بورۆ' پڕوای وایە کە هیچ شتێک لەوە کوشندەتر نییە کە دوو عاشق دەکەونە بەردەمی یەکدی و چاو دەبڕنە چاوی یەکدی، جا دیدارەکە چ ئاشتیەوانی بێت و چ جەنگ. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەمڕۆکە ژمارەی عاشقانی ئەودیو تەلەکان بە هەزارەهایە، بەڵام لە باری واقیعییەوە ژمارەی عاشقانی راستەقینە زۆر دەگمەنە، کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ عاشقانی ناڕەسەن و ساختەباز. هاوکات هەمان شتیش ڕاستە سەبارەت بە جیاوازیی نێوان هاوڕێ و دۆستی ڕەسەن لە بەرامبەر ساختە و درۆزنەکاندا.

تێکنۆلۆژیای تازەی کۆمیوکاسیۆن سەلماندی کە مرۆڤەکان، بە مێ و نێرەوە، چەندە تەنیا و دوورن لە یەکدی، لەوەش غەمناکتر ئەوەیە کە چەندە دەترسێن و لە شەرمان مردوون، بە تایبەتی لای ئێمە.
ئەمڕۆکە ئامێرەکان بوونەتە ئامرازی دروستکردنی پردی پەیوەندی، خودی پەیوەندیی گیانی بە گیانیش ڕۆژ بە ڕۆژ دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، پەیوەندیی تازەی میکانیکیی خێراتر و ئاسانتر و ساردترە، فریوەکەی خۆشترە کە هەزارەها بەوە دڵی خۆیان دەدەنەوە کە هێشتا پردیان لەگەڵ ئەوانی دیکە ماوە.
گرفتی سەرەکی لەناو ئەو پچڕانی پەیوەندییە لە کوێدایە؟ لە زمان خۆی یان مەرگی ڕۆح و ناڕەسەنی و نەبوونی گەوهەرێکی مرۆڤپەروەرانە؟ یان هەردووکیانە پێکەوە؟ زمان بۆ خۆی بێجگە لە نەخشەی ڕۆح هیچی دیکە نییە، ڕۆحێکی ڕەنگین و ڕۆحێکی مردەلە دوو زمان و دوو نەخشەی جیاوازیان دەبێت.
ئەوە چییە وا دەکات کە بۆ هەمیشە و بێ وچان  عاشقەکانیشمان لە جەنگێکی دەستەویەخەی هەمیشەییدا بن؟ بۆچی دەبێت بەدحاڵیبوون چارەنووسی چیرۆکی عاشقەکانی ئێمە بێت؟ من لە چیرۆک و داستانەکانی ئەویندارى کۆن و تازەی خۆمان ڕادەمێنم، لە لاوک و حەیرانەکانی جەنگ و ئەڤین، دەگەم بەو ڕاستییەی مەرگی ئەو هەموو عاشقانە و لێکداپڕان و بێ ئاکامیی دڵدارەکان: چین بێجگە لە مەحاڵی عیشق خۆی و کڵۆڵیی عاشقە چکۆلەکان و گەورەکانی مێژووی خۆمان، هەر دەبێت مێژووی وا پڕ لە نائومێدی پەند و وانە و حیکمەتێکی تێدا بێت، گەرچی دەرک بەوەش دەکەم کە شکست و دۆڕانی چیرۆکی عیشقەکان وام لێناکات بە تەنها دادگایی عاشقەکان بکەم و بە نابووت و ناڕەسەن بیانبینم، کاری وا جۆرێکە لە گەمژەیی.
بەڵکوو ئەو هەقیقەتە تاڵە دەمانگەیەنێت بە دادگایی کۆی سیتمی ئەخلاقی و پایەکانی کولتوور و مێژووی مەرگپەرستی خۆمان، کە تا هەنووکە مێژووی مەرگی 'ئیرۆس ـ ی کوردی' دەستی بۆ نەبراوە، تاک و تەرا لە ناوئاخنی هەندێک لاوک و حەیران و بەیت و بالۆرەو و چەند تێکستێکی ئەدەبی بە ژمارە کەم، بە شەرمەوە، ئاوڕی لێدراوەتەوە. گرنگ بۆ من وەک یەکێک لە ئێوە کە دڵنیام بە تەمەنی ساوای خۆتان بێت یان بە ساڵانێکی زۆر بە کۆڵەوە وەک من سەدەها عاشقتان بینیوە کە دێوانە و شەیدا بوون تا گەیشتوون بە 'وەسڵی یار'، کەچی ئەفسووس دوای لێکداپڕان و دڵدۆڕان و تۆران لە یەکدی، ڕق و کینەیان لە بەرامبەر یەکدیدا بێ هاوتا و کوشندەیە، ناشیرینە بە وێنەی مەرگ، مەرگی دوو دڵدار کە هێشتا زیندوون و هەناسە دەدەن.
زۆرن ئەو کۆنە عاشقانەی کە بە پێوە وەستاون و دێن و دەچن و زیندەگی وەڕێ دەخەن، بەڵام لە دوای خۆیانەوە کەلاکی عیشقەکانیان بە دوای خۆیانەوە ڕادەکێشن.. هەر من بۆ خۆم بە ئاوردانەوەیەک لە دوێنێ تا هەنووکە سەدەها تەرم و تابووتی عاشقەکان و دڵخوازەکانیانم بینیوە..کاروانێکی درێژ کە نە سەری دیارە و نە کۆتایی کە تا ناو جەرگەی جەهەننەم ڕێدەکات و بێجگە لە خوێناوی دڵەکان لە دوای خۆیەوە..بێجگە لە فرمێسک و ئارەقە، لەو بیابانەدا، هیچ بەجێناهێڵێت..!
ڕوانە میراتی فیکری هەموو مرۆڤایەتی، لە 'یۆنان' تا هەنووکە، تۆماری ئەدەب و مێژوو، بە ملیۆنەها لەو کتێبانە تۆماری تراژیدیای مرۆڤە و گیرۆدەبوونییەتی لەسەر زەمین، شیکاری ڕەوشتی ئەو بوونەوەرە دوو لاقەیە کە گرەوی لە هەموو دڕندەکانی ناو جەنگەڵ و دارستانەکان بردۆتەوە.  مێژووی سێ هەزار جەنگی گەورە و چکۆلەتر

بەڵگەی ئەوەیە کە دیالۆگ و لێکدی تێگەیشتن و میرات دابەشکردنی هەموو سەر زەمین لە نێوان مەردوومەکاندا مەحاڵە.
شادروشمی یونێسکۆ ئەوەیە: 'چ جەنگ و چ ئاشتی بێت، هەردووکیان زادەی خەیاڵ و داهێنانی پیاوەکانە.' نەهامەتییەکە لەوەدایە مێشکی پیاوەکان بە درێژایی مێژوو بۆ جەنگ و یەکدی قڕکردن چالاکتر بووە، سەدەی بیست کە سەدەی ئاوەز و عەقڵزەدەیی بوو، کەچی خوێناویترین سەدەی پڕ لە چەکی کۆمەڵکوژی بوو: دوو جەنگی سەرتاپاگیری جیهانی و سێ هەزار جەنگی لابەلایی، لە رۆژهەڵاتی ناوین: درۆی بەهاری عەرەبی کە بوو بە زستان و زەمهەریر و دۆزەخی عەرەبی.
لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا چ شتێک لە مەرگی مرۆڤـ هەرزانترە؟ ئاشناترین دیمەن لەمرۆکەدا بە خەڵکی ئەم ناوچەیە کوشتن و پرین و سووتاندن و کاولکردنی خۆی و دونیایە، زۆریشی بە ناوی خودا و نیشتمانەوە پیادە دەکرێت. ئەوەیان بۆ خۆی بێجگە لە مەرگپەرستی هیچی دیکە نییە.
هەتا زمانیش هەژارترە لەوەی بتوانێت لەو دۆخی ' هیچ ـ نەبوون' ە قورتارمان بکات، زمان داپڕ نییە لە کۆی ئەو سەرچاوانەی کە ژیار و کولتووری ئێمە پێکدەهێنێت، هەر هەژارییەک لە دەرەوە و ژینگە و ژیار و پەروەردەی ئێمە لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە، زمان هەرگیز ناتوانێت هەڵگری ئەو مانا جوان و بەهادار و باڵایە بێت کە لە ناو خودی ژیاندا ونن، زمان هیچ نیە بێجگە لە وێنەی خۆمان لە ناو ئاوێنەدا، یان رەسم و نەخشەی رۆحی ئێمە لە ناو نیگارێکدا، ئەوەی کە دەیبیستین سەدای دەنگەکانە، ئەگینا مرۆڤی زیندوو گوێی لە دەنگی بێدەنگیشە.
مەرجە بیر لەو هەموو کلیلانە بکەینەوە کە لە منداڵییەوە لە زمانان دەدرێن، زۆرن ئەوانەی کە بە درێژایی ژیان ناتوانن ئەو کلیلانە لە زمانی خۆیان بکەنەوە و بیانشکێنن، گۆران ـ ی شاعیر بە هەوەنتە نەیوتووە: ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستم..بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم..!
گۆران باس لەو کلیلە دەکات کە لە زمانی دراوە، گەرچی ئەم بایی ئەوەندەش ئازاد بووە کە جوانی لەناو سروشت و ژندا ببینێت، بەڵام هێشتا هەست بە نشوستی خۆی دەکات وەک مرۆڤ و شاعیر. کەچی زمانی ئەڵمانی لە رێگەی 'نیچە' و ' هێگڵ'  و دەیەها فەیلەسووفی دیکەوە پتر دەکشێت ئەو کاتەی فەلسەفەی پێ تۆمار دەکرێت.
کۆت و بەند و سنوورەکانی زمان ڕەنگدانەوەی سنوورە سوورەکانی رۆح و عەقڵە، زمانێکی ئازاد و کراوە پابەندە بە کرانەوەی رۆح و عەقڵ. ئێمە نەوەیەکی زمان و دەست و قەڵەم بەستراومان هەیە کە هەنووکە ناتوانێت داڕشتنێکی ( ئینشا)یەکی پوخت بنووسێت، کارەساتە و کەس خەمی پێناخوات، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بە درێژایی دوازدە ساڵ کە تەمەنێکە، هەمووان ئەو داڕشتنە ئەزبەر دەکەن کە مامۆستاکانیان بۆیان دەنووسنەوە، چاوەڕوانی کام داهێنان دەکرێت لە وەها قوتابخانەیەکی نموونەیی تووتیستان؟ هەر لەبەر ئەوەیە کە دیسانەوە 'گۆران' لەبەردەم جوانیدا سڕ و سەرسام دەوەستێت و هاوار دەکات: 'خوایە هێزی ئینشایەک..!'
گەرچی شیعر بۆ خۆی پەل دەهاوێت بۆ ئەودیوی زمانی کلیلدراوی خەڵکی، شیعر پاکیزەیی زمانە بەرلەوەی لە لایەن شارستانییەتێکی بەرخۆرەوە ئەتک بکرێت، بەر لە پەیدابوونی حەرامەکانی ئایین و کولتووری نەریتخواز و کۆنەخواز، شیعر پڕە لە خۆدواندن و دواندنی ئەویدیکەش، راز و نیازی رۆحە و سەردەکات و دەکەوێتە سەر

لێوان و سەر کاغەز، دۆزینەوە و هەستکردنە بە شتێک کە هەست و چاوی ڕاهاتوو لەسەر شتە باوەکان دەرکی ناکات، زاووزێکردنی ماناکان و وێنەکان و تێماکانە لەناو یەکدیدا، بەرهەمهێنان و داهێنان و زیندووکردنەوەی جوانی تازە و جوانییە کوژراوەکانە.
لەوەدایە یەکێک بڵێت: کەواتە میراتی شیعری کلاسیک و تازەی ئێمە بەو هەموو زۆر و زەبەندییەی خۆی، بەڵگەیە ئەوەیە کە ئێمە تەندروست و ئازاد و زمان پاراو بووین، لە وەڵامدا ناچارین بۆ ڕەسمی ئەو ڕۆحە بگەڕێین کە 'نالی' دەیەوێت بیسەلمێنێت 'خۆ کوردییە و خۆکردییە' نەک دەستکرد و لاساییکردنەوە و قەرزکردن بێت.
زمان تاکە نیشانەیە بە تاکە کەسێک و نەتەوەیەک بڵێیت زیندووە یان مردووە. ئێمە هێشتا لە قۆناغی بە پیرۆزکردنی زمانی داگیرکەرانی خۆمانین، عەرەبی و تورکی و فارسی، قۆناغی 'نەبوون' کە تیایدا کەوتووینەتە دەرەوەی زمانێکی زیندوو کە گوزارشت بێت لە ئێمە وەک مرۆڤ و وەک کورد، مرۆڤێک لەناو ژیان و سروشتدا، بەر لە بە 'شتبوون'، زمانێک کە لە قۆناغی ورت ورت و منگە منگ و بقە و گغە و پەپە دەرچووبێت، زمانێک کە بتوانین تراژیدیاکان و کۆمیدیاکانی خۆمانی پێ بنووسینەوە.
ئێمە تەنها لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین بۆچی زمان نەیتوانیوە تا هەنووکە ئەوە بدرکێنێت و بڵێت کە دەبوو بیڵێت و بیدرکێنێت، مەرجە ڕەگ و سەرچاوەکانی ئەو ئیفلیجبوونە بدۆزینەوە.
من لەوەتەی چیرۆکان دەنووسم ڕێزم لە خاڵبەندی نەگرتووە کە وانەی یەکەمی نووسینە کە یەک سەعاتی دەوێت فێری ببم، وەلێ کە من لە خەمی ڕەسمکردنی ڕۆحێکی هەلاهەلا و پەرش و بڵاوی کارەکتەرەکاندا دەبم، لە نووسینەوەی خوێنی هەمیشە نەوەستاوی برینەکان و فرمێسکەکان و ئارەقە: مەحاڵە بتوانم ڕێز لە خاڵبەندی بگرم، ئەو داڕسکان و داڕژران و داڕووخانە وەها کوشندەیە کە من گەمارۆ دەدات لە قۆناغی هاوار و زریکەدا بژیم و فریای ڕێزمان و خاڵبەندییەکی باو و ئەکادیمیانە نەکەوم.. چونکە خوێن و فرمێسک و ئارەقە بۆ خۆیان زمانن. گەرچی یاسایەکی پەنهان و ناوەکی نووسین من لێدەخورێت کە هەرگیز پەیوەندیی بە یاسا فەرمییەکانی دەرەکی و زاڵ و فەرمییەوە نییە. ڕێزنەگرتن لە خاڵبەندی وای نەکردووە خوێنەرەکانیش بدۆڕێنم..!
یەکەمین نووسەرێک کە نهێنیی ڕێزنەگرتن لە خاڵبەندی تێگەیاندم 'جێمز جۆیس' بوو، چونکە فرمێسک و خوێنی خەڵک و خاکی 'ئایرلەند'ی دەنووسیێتەوە، لەپاڵ نووسینەوەی کۆمیدیایەکی ڕەش کە خەندەیەکی خوێنین لە زارێک یان دەم و لێوێک دەدزێت کە پتر لە برین دەچێت نەک لچ و لێوێکی لێکترازاو لەژێر زەبری خەنین..خەنینی خوێنین.
تێگەیشتن لەوە ئاسانە کە ئەگەر زانیمان نووسین و خەون دوو کۆرپەی هەمان منداڵدانن، کە هەردووکیان پەیوەستن بە عەقڵی پەنهان و شاراوە و ژێرەوانکێ و کوژراو: کانگا و تابووت و گۆڕستانی هەموو خەون و خەیاڵ و حەز و ئارەزووە مرۆییەکان.